# من، منم تا دەگەم بە تۆ
# من کە ببم بە تۆ، ئەی تۆ کێی؟!
## «دەربارەی تەسەووف و عیرفان»

حوسەین سەیید ئەدهەم
(هەورامان)

(٢ - ٢)

**زانستەکانی تەسەووف**

زانستی تەسەووف هەندێ ناوی لەخۆ گرتووە، بەناوبانگترینیان ئەم هەشت زانستەیە:

**یەکەم: زانستی ئاماژە:**

زانستێکە سۆفی تێیدا لەنێو خۆیدا تەنیا دەبێتەوە، خواستی سەربەخۆیی خۆی لە دەرەوەی خۆی دەکات. بەهۆی ئەم زانستەوە سۆفی بە چاوی دڵ دەبینێت و پەی بە نهێنییەکانی دڵ دەبات.

**دووەم: زانستی ڕێبازی:**

ڕێباز و ڕێگەی پاڵفتەکردنی دەروونە، ئەویش بە ئاکاری باڵا و پاکژکردنەوەی دڵ.

**سێیەم: زانستی موکاشەفە:**

دەرکەوتنی زانستێکی شاراوەیە و بەهۆی پاڵفتەکردن و خاوێنکردنەوەی دڵەوە لە سیفاتی خراپەوە دەردەکەوێت. ئەم زانستە بە بیرکردنەوە و تێڕامانی بەندە و یارمەتی خواییەوە بەدەست دێت.

**چوارەم: زانستی دڵ:**

زانستی لەخواترسانە، تایبەتمەندە بە باوەڕدارە ڕاستەقینەکان، ئەویش بە ئەندازەی لەخواترسان.

**پێنجەم: زانستی هەقیقەت:**

بەندە لە کاتی گەیشتنی بە خوای تاکانە بە وەستانێکی نهێنییەوە لەو شوێنەی کە پێویست بێت پرکێشی دەکات، گەیشتن بەوەی کە ویستوویەتی، زانستی هەقیقەتە.

**شەشەم: زانستی دەروون:**

نهێنییەکە لە نهێنییەکانی خوای گەورە و لەناو دڵی خۆشەویستانی خۆیدا مەڵاس دراوە.

**حەوتەم: زانستی میراتگری:**

مەبەست لێی ئاشنابوونە لە ئایین، نەک تەنیا بوونی زانست بە یاساکانی ئیسلام، وەک حەسەنی بەسری گوتوویەتی: نەویستنی ئەم دنیا و مەیل بۆ ژیانی دوارۆژ و بەرچاوڕوونی بە ئایین و ئیجتیهادکردن لە پەرستشدا زانستی میراتگرییە. سۆفی بەهۆی ئەم زانستەوە جیاواز لە زانایان ئەم زانستەی هەیە، مەبەستیش لێی مەعریفەیە بە ئایین، نەک قۆرخکردنی لە ڕێگەی میرات و بە میراتگیری.

**هەشتەم: زانستی خوایی:**

زانستێکە خوا دەیبەخشێتە هەر کەسێک کە بیەوێت، دۆزەرەوەی ڕووناکی و دەرخەری نهێنییەکانە. ئەو زانستەی خزری پیاوچاک هەیبوو، زانستی خوایی بوو، کاتێک لەگەڵ مووسا پێغەمبەردا بوون، مووسا لە نهێنی شتەکان پرسیاری دەکرد، خزریش وەڵامی بۆ هەموویان پێ بوو. (٣٨)



سوهرەوەردی

## گرنگترین قوتابخانەکانی تەسەووف

**یەکەم: قوتابخانەی بەسرە:**

پاش سەرقاڵی خەڵکی بەسرە بە سیاسەتکردنەوە، ڕووکرایە تەسەووف. ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای عەقڵی و بە پشتبەستن بە قورئان و فەرموودە و سلووکی هاوەڵانەوە بنیاد نراوە. حەسەنی بەسری بنیادنەر و مامۆستای یەکەمی ئەم قوتابخانەیە بوو.

**دووەم: قوتابخانەی کوفە:**

لەم قوتابخانەیەدا زانستە ئایینییەکان ئامادەییەکی بەرچاویان هەبوو، وەک: زانستی فیقه، ئوسوڵی فیقه، فەرموودە، بیروباوەڕی ئیسلامی...تاد تەسەووفیش خۆی خزاندە نێو ئەم زانستانەوە، بە پابەندبوون بە پەرستش بۆ خوا و جێبەجێکردنیان. داوودی تائیی ئیمامی ئەم قوتابخانەیە بووە، ئەویش لە ئەبوو حەنیفەی نوعمان زانستی وەرگرتووە.

**سێیەم: قوتابخانەی بەغدا:**

لەم قوتابخانەیەدا و لە مێژووی تەسەووفی ئیسلامیدا سۆفی پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە، لەو کاتەدا بەغدا بنکەی خەلافەتی ئیسلامی هەبووە. ئەم قوتابخانەیە پابەندی تەواوی بە قورئان و فەرموودەوە هەبووە، بە سووربوونیان لەسەر زانستە شەرعییەکان. جونەیدی بەغدادی و حوسەینی مەنسووری حەللاج، لە مەزنە سۆفییەکانی ئەو سەردەم و قوتابخانەیە بوون.

**چوارەم: قوتابخانەی شام:**

بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی ترەوە، شام بە قوتابخانەی برسییەتی بەناوبانگ بوو، چونکە بەپێی پێویست بایەخ بە خواردن دراوە، برسییەتی بە سەرەکیترین قۆناغی سۆفی زانراوە، بۆ گەیشتن بە تەسەووفی ڕاستەقینە برسییەتییان بە هۆیەکی باش زانیوە. ئەبوو سولەیمانی دارانی لە ناودارترین سۆفییەکانی ئەم قوتابخانەیە بووە.

**پێنجەم: قوتابخانەی خوراسان:**

قوتابخانەی خوراسان کاری لەسەر دەروون و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کردووە، لەگەڵ هەڵهاتن لەم دنیایە و ڕوو وەرچەرخان بەرەو دوارۆژ. ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و شەقیقی بەڵخی لە بەناوبانگترین سۆفییەکانی ئەم قوتابخانەیە بوون.

**شەشەم: قوتابخانەی نەیسابوور:**

لە نیوەی سەدەی سێیەمی کۆچییەوە تەسەووف بۆ نەیسابوور گوێزرایەوە. ئەم قوتابخانەیە لە قوتابخانەی بەڵخ و بەغدا دابڕاو نەبوو، ئەویش بەهۆی هاتوچۆی سۆفییان لەنێوان یەکدیدا بۆ ئەم دوو ناوچەیە و بوونی قوتابی لە هەردوو قوتابخانەکەدا و گفتوگۆی نێوان سۆفییانی هەردوولا. ئەم قوتابخانەیە لەسەر هەستکردن

بە دانانن بە تاوان و فـیـداکـاری و قـوربانیـدان، بنیـاد نراوە. (٣٩)

## پەیرەوکردنی تەسەووف لای ئایینەکان

بەشێـوەیەکی گشـتی ئاییـنەکان، چ زەمـینی بن، یان ئاسـمـانی، زەمـینەیەکی لەبارن بۆ دەرکـەوتنی ڕوحی تەسەووف. لای مەسیحییـەت گرنگی بە لایەنی ڕوحی دەدرێت، بەڵام زیادەڕەوی تێـدایە، بەجـۆرێک واز لەم دنیایە دەهێنن. هەرچی جووەکانیشن ترس و نائومێدییان کردووەتە سەنتەر. هیـندییەکـانیش بـایەخ بە تەنیـایی و گۆشەگیری و خۆڕاگری لەبەردەم ئازارەکاندا دەدەن. لای ئیـسـلامـیش لەنێـو قـورئان و فـەرمـوودەی پەیامـهێن مـحـەممەد دا (د.خ) بەهرە وەردەگـیـرێت و ڕێـنمـایی هەڵدەگـۆزرێت، (٤٠) هەرچەندە ئەمـەیش ڕێژەییـە و لە سۆفییەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و یاسایەکی جێگیر نییـە، زیادەڕەوی تێـدا دەکرێت، بەڵام کـەمـتـەرخـەمی مـەحـاڵە. گـرنگ ئەوەیە پشت بە ڕێبـازێکی ڕەسـەن و سەرەکی دەبەسترێت.

## سۆفی کێیە؟

بۆ ئەوەی شوناس و کەسیەتی سۆفیمان بۆ دەرکەوێت و بیناسین، لێـرەدا ئامـاژە بە ناو و نازناو و مـێـژووی دەرکەوتنی دەکەین کە هاوکات چەندان ڕاو و بۆچوون لەم بارەیەوە هەیە:

بە کـەسـێک دەوترێت سۆفی کـە دڵی خـاوێن بێت و هەمیشە لە هەوڵی پاکژکرنەوەی دەروونیدا بێت. سۆفی سیـفـەتە بۆ ئەو کـەسـانەی کـە ڕەوتاریان وەک ئەهلی (صەنە)یە، واتە: سەکۆ. صەنە گرووپێکی موسڵمانی هەژاری سـەردەمی پەیامـهێن مـحـەممەدن (د.خ)، لەسـەر سـەکۆی مـزگەوتی پەیامـهێن، بە بێدەنگی پەرستنیـان کردووە. سۆفی ئاماژەیە بەو کەسانەی کە لە حوزووری خـوادا لە پێـشـەوەن و لە ڕیزی یەکـەمـدا وەسـتـاون. ڕایەکیش سۆفی دەداتە پاڵ صونانە، گیایەکی ناسک و تەمـەن کـورتە، هەژارە سـارانشـینەکـان خـواردوویانە. کـەسـانێکیش چەمکی سـۆفی دەدەنە پاڵ سـۆفی، تیئۆسۆفیـا (خـواناسی، یان خـوادۆسـتی). ڕایەکـیش سۆفیـبوون دەداتە پاڵ غـەوسی کـوڕی مـوڕ، کە خـۆی و کوڕەکەی لە سەردەمی نەفامیـدا خزمەتگوزاری کـەعبە بوون و خزمەتیان کردووە. سەرباری هەمـوو ڕاکان دەشێ سۆفی بەو کـەسـە گـوترابێت کـە خـوری پۆشـیـبێت و خـوریپـۆش بووبێت. زانای ئینگلیـزی و عـیـرفـانناس، ڕینۆڵد ئەلین نیکڵـسـۆن (١٨٦٨-١٩٤٥ز) ڕای وایە سۆفی بۆ ڕوونکردنەوەی بیـروباوەڕی خـۆی، پشـتی بە ٤٠٧ ئایەتی قورئانی بەستووە.

سـۆفی مـەزن جـونەیدی بەغـدادی (٨٣٠- ٩١٠ز) گـوتوویەتی: سۆفی داتاشراوی (ص، و، ف)یە. صاد، واتە: خۆڕاگری و ڕاستگۆیی و خاوێنی. واو، واتە: وەفا و نیـانی. نوون، ئامـاژەیە بە هەژاری و فـەنا، هەروەها گـوتوویەتی: خـوا جارێک لەبەر خۆی سۆفی دەمرێنێت، جـــارێکی تـریش لەبەر خـــۆی ژیانێـکی تـری نوێی پێدەبەخشێتەوە، واتە سۆفیبوونی ڕاستەقینە ویستێکی ئارەزوومـــەندانەیە بەرەو لای خـــوا، بە وازهێـنانێکی جەستەیی و ڕوحی بۆ ژیانێکی تری باڵا.

سۆفی شۆڕەسواری مەردی ڕێی خوایە، شوێنکەوتەی فـەرمووەدەی پەیـامهێن مـحـەممەدە (د.خ)، بە گـرتنەبەری شارێگەی بەختەوەری مرۆڤ، کە ئیسلامە.

سـۆفی عـاریفـیـشی پێـدەگـوترێت، هەر سێ چەمکی ئیـمـان و ئیـحـسـان و ئیـسـلامـیی تێـدا چڕ بووەتەوە، هەروەها شـەریعـەت و تەریقـەت و هەقـیقـەتی دەقـاودەق لەیەک دەچن. سۆفی دژە باوە، خۆی ناداتە بەر شەپۆلی ڕەشەخەڵک و لە هەموو جۆگەیەکدا ئاو ناخواتەوە.

سـۆفی بـاوەڕی بە نزیکبـوونەوە نیـیـە، مـەگـەر لە قۆناغێکی سلووکیدا وەک پەیژەیەک پێیدا سەرکەوێت، بەڵکو هەوڵی یەکبوون لەگەڵ خوادا دەدات، شەوقیش ڕەد دەکـاتەوە، چونکە شـەوق بۆ تـامـەزرۆییـە و مـاوەیەکی کورتبڕە و زوو تەواو دەبێت. سۆفیش نەک نایەوێت ئەو چێژە زوو تەواو ببێت، بەڵکو دەخوازێت، ئەوەندە تێیدا بمێنێتـەوە تا مـەست دەبێت، ڕەزای خواییش بەردەوام لە کن ئەوانەیە کە ڕێگەی گەیشتن بە ڕەزامەندی خـوا تەی دەکەن، سۆفیش لەگەڵ مەعشووقیدا حەز بە ژوان دەکات، چونکە کاتەکەی هەمیشەییە و تەواو نابێت.

سـۆفـیـبـوون پەیڕەوکـردنی کـۆمـەڵێک سـرووت و جێبەجێکردنی بنەما شەرعییەکان نییە. بە ڕەوتارێکی دیاریکراو مرۆڤ نابێت بە سۆفی، چونکە دەشێ بەشێک بێت لە بانگەشە و خۆنواندن و بەجێهێنانی مـەرامێکی دنیـایی، ئیـتر سیاسی بێت، یان کۆمەڵایەتی، بۆ بژێوی

ژیان بێت، یان بۆ ناو و ناوبانگ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دانایی و حـــیکمـــەتی پێـــشـــینان و هاوچەرخـــان، قوڵبوونەوەیە لە واتاکانی ئەو حیکمەتە. سۆفیگەرییەتی زانستە نەک بۆ زانین، بۆ پەیڕەولێکردنە نەک خوێندن، بۆ خزمەتگوزاریکردنی خوایە، نەک خزمەتکراو بێت.

کەسانێک هەن بە وەرگرتنی بیروباوەڕی تایبەتی و گەیشتن بە خوا، بە جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و شێوازی بەندایەتیکردن و ڕوانینی جیاواز و تایبەتی بۆ ئایین لە خـەڵکی تر خـۆیان جـیـاکـردووەتەوە، ئەوانە پێـیـان دەگوترێت: سۆفی. (٤١)

پێناسـەکـانی سـۆفی بە گـشـتی لە نێـوان سـاڵانی (٢٠٠-٤٤٠)ی کۆچی دارێژراون. مەعـرووفی کـەرخی یەکەم کەس و ئەبوو سەعـیدی خەیریش، دوا پێناسەی کردووە، پێناسەکانیش هەندێکیان پێوەندییان بە حاڵی سۆفییەوە هەبووە، هەندێکیشیان پەیوەستن بە یەکێتی و ئاکـاری سـۆفی و زمـانی و پەند لە ڕێبـازەکـەیدا بوون.(٤٢)

## مێژووی بەکارهێنانی چەمکی سۆفی

هەرچەندە مـێـژووی بەکـارهێنانی چەمکی سـۆفی زۆر ڕوون نیـیـە و بۆچوونی جـیـاواز هەیە، بەڵام بە ڕای زۆرینەی مێژوونووسان بۆ مێژوویەکی زۆر بەر لە ئیسلام دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا لە مێژووی ئیسلامدا سۆفی و سـۆفـیگەرییـەتی شـێـوازێکی تر بووە و جـۆرێکی تر دەرکەوتووە، ئەویش بە ڕووکـردنە خـوا و شـوێنکەوتنی پەیامـهـێن مـحـەممەد (د.خ)، هەروەها بە پشـتبـەستن بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پەیامهێن و لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبـەتی و سلووک و ڕەوتاری تایبـەت بە خۆیان. هەڵبەتە جیهانبینی هەریەکەیش بەپێی کات و شوێن بەرانبەر بە چەمکەکە و ڕێبازەکە جیاواز و تایبەت بووە. یەکەمین کەسێکیش کە بە سۆفی ناوزەد کرا، ئەبوو هاشمی کوفی بوو، کە لە ساڵی (١٥٠)ی کۆچی، کۆچی دوایی کـردووە. هاوسـەردەمی شـوێنکەوتەی هاوەڵان (تابیعین)، سوفیانی سەوری بووە، خۆیشی بە قوتابی ئەو زانیوە. نیکڵسۆنیش حەسەنی بەسری بە یەکەم سۆفی لە مـێـژووی ئیـسـلامـیـدا ئەژمـار دەکـات، واتە: لە نیـوەی دووەمی سەدەی کۆچییەوە تەسەووف سەری هەڵداوە و سۆفی دەرکەوتووە. (٤٣)

## زەمینەی سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** پێـوەندی بەردەوام و توندوتۆڵی پەیامـهـێن، حەزرەتی مـحـەممەد (د.خ) بە خـواوە، کـە پێـوەندییـەکی سۆفییانە بووە.

**دووەم:** کاریگەری کولتوور و ئایینەکانی دیکە لەسەر ئیسلام.

دەگـوترێت سـۆفـیگەری لە خـوراسـان و لە دەڤـەرەکـانی تورکـسـتـان و ئاسـیـای خـۆرهەڵاتەوە و لە شـوێنی پێک گـــەیشـــتنی ئایین و کـــولتـــووری خـــۆرئاوایی و خۆرهەڵاتییەکانەوە سەری هەڵداوە.

**سـێـیـەم:** شـەڕی ناوخـۆی هاوەڵانی پەیامـهـێن، بە تایبەتی پاش کۆچی دوایی خۆی و بە زۆری لە سەردەمی خەلیفە عومەر بەدواوە.

**چوارەم:** کـەنارگـیـری و خـۆپەراوێزی و دوورکـەوتنەوەی هەندێ لە هاوەڵان لە کەس و مەسەلەیل و بەهۆی ئاژاوەی نێوان هەندێ لە هاوەڵانی پەیامهێنەوە.

## پۆلێنبەندییەکانی سۆفی

سـۆفـیـیـەکـان خـەڵکـیـان بەسـەر سێ پۆلدا دابەش کردووە:

**پۆلی یەکەم:** کامیلون، ئەوانەی گەیشتوون بە لووتکەی کەماڵ، ئەوانیش دەبن بە دوو بەشەوە:

**ئەلف:** پەیامبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

**ب:** هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پەیامهێنان (خوا لێیان ڕازی بێت).

**پۆلی دووەم:** سـالیکین، ڕێبـوارانی ڕێگەی تەریقـەت (اصحاب الیمین)، ئەوانیش بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

**ئەلف:** ئەوانەن کە تەنیا ڕوو لە خوان و داوا تەنیا لەو دەکـەن، لەم دنیـایە و لە دوارۆژیشـدا چاوەڕێی پاداشت ناکەن.

**ب:** ئەوانەن لەگـــەڵ داواکـــردنی بەهەشـــتـــدا ئەم دنیایەیشـیـان دەوێت و داوای بەش دەکەن، خواپەرستان لەم جۆرەن.

**پۆلی سێیەم:** دنیاویستان، ئەوانەی دەکەونە نێو داوی ئارەزووەکانەوە، ئەلموقیمین، یان ئەسحابولشیـمال. ئەم پۆلێنبـەندییـەش لە قـورئان و لەناو سـوورەتی واقـیـعـە لەنێوان ئایەتەکانی(٨-٥٠)دا ئاماژەی پێ کراوە.(٤٤)

## خەسڵەتەکانی سۆفی

سۆفی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتە، لەوانە: سەخاوەت، هەژاردۆستی، ڕەزا، خۆڕاگری، ئاماژە، غوربەت، سادەپۆشی، سەخا، گەشت و گەڕان. سەخاوەت تایبەت کراوە و ئاماژەیە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم. ڕەزا بۆ ئیسحاق و خۆڕاگری بۆ ئەیووب و ئاماژە بۆ زەکەریا و غوربەت بۆ یەحیا و سادەپۆشی بۆ مووسا و گەشت و گەڕان بۆ عیسا و هەژاردۆستیش بۆ محەممەد (سەلامی خوایان لەسەر بێت). (٤٥)

هەڵبەتە مەرج نییە تەنیا ئەم چەند خەسڵەتە دیاریکراوە تایبەت بێت بە سۆفییەوە، یان ئەم چەند تایبەتمەنییەی لەخۆ گرتبێت، بەڵکو ئەمانە لە گرنگترین ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییانەن کە بوونەتە سیفەت و خەسڵەتی پەیامبەرانیش، تەنانەت هەر پەیامهێنێکیش بە یەکێک لەو سیفاتانە ناسراوە و تێیدا چڕبووەتەوە، بەم پێیەش بێت پەیامهێنانی خوا، سۆفییەکی مەزنن، بە سیفاتی سۆفی ڕاستەقینە.

## جۆرەکانی سۆفیگەری

**یەکەم:** لەسەر ئاستی مەعریفە و لە بۆتەی زانستدا کار دەکەن و گەشە دەکەن. ئەم جۆرە کەسانە درەنگ بە هەقیقەت دەگەن، بەڵام هەقیقەتێکی قووڵ و ورد و ڕاستەقینە. چاوکراوە و بیرتیژن، ئاوەزیان دەخەنەگەڕ، بە سادەیی و چاوکوێرانە شوێن هیچ کەس و شتێک ناکەون.

**دووەم:** گرتنەبەری ڕێبازێک و بەردەوامبوون لەسەری، ئەویش بۆ گەیشتن بە خوا، کە بە ڕێگەی حاڵ و کەشف و خۆشەویستی و سۆزەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە سۆفیگەرییە، شێخێک چاوساغیەتی، بە ڕێنمایی مورشیدەکەی هەنگاو هەڵدەگرێ، وەلائی بۆ سەردارەکەی هەیە.

هەردووکیان دوو جۆگەلەن و دەچنەوە سەر یەک ڕووباری خاوێن. ئامانجی هەردووکیان خوایە، بەڵام بە شێوازی جیاواز. (٤٦)

## مورید کێیە؟

لێرەدا مەبەست لە مورید، موریدی هەقیقییە، نەک موریدێک عەوداڵی کەسێکی دیکە بێت و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو ڕەوتار بکات، بۆیە موریدی هەقیقی کەسێکە جگە لە خوا دڵبەندی کەسی تر نابێت، تاکە هەوڵیشی نزیکبوونەوەیە لە خوا، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دڵێکی ساغ و دەروونێکی خاوێن، واز لە خۆشییەکانی دنیا دەهێنێت، لە بەرانبەردا چاوەڕێی پاداشتی خوایی دەکات.

تەریقەت لە ڕێگەی شێخەکەیەوە وەردەگرێت و هۆگری گەورەکەیەتی، سەرسامە بە پلەی ڕوحیی مامۆستاکەی، قوتابی بەردەستی مورشیدەکەیەتی، بۆ ئەو مەبەستە گوێڕایەڵی وانە و پەند و ئامۆژگارییەکانی دەبێت. هەندێ مورید لە قۆناغ و لە ئاستێکی دیاریکراودا دەمێننەوە، هەشیانە یان بە یەکجاری واز لە ڕێبازەکە دەهێنێت، یان لە پیر و مامۆستاکەی دوور دەکەوێتەوە، یان هۆگرە بە شێخەکەیەوە، بەڵام پلەکانی تەریقەت دەبڕێت و ئاستی مەعریفی بڵند دەبێتەوە، بەجۆرێک تا دەبێت بە سۆفییەکی ڕاستەقینە. (٤٧)

## سالیک کێیە؟

ڕێبواری ڕێی تەریقەتە، هەڵوەدای دڵێکی خاوێنە و مەبەستیەتی بە مەقامەکانی تەوبە و تەوەککول و سەبر و خۆڕاگری بگات، تا دەگات بە مەنزڵ، ئەرکیشی گوێڕایەڵی شێخەکەیەتی، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دڵێکی خاوێن، ئەوە هەمیشە لێیەوە نزیکە. سەرەتا سالێک خزمەتی خالیق و دواتریش سالێک خزمەتی مەخلووق و سالی سێیەمیش خزمەتی خۆی دەکات، ئەوسا دەتوانێت پابەند بێت بە چەندان قۆناغی وەک: تەوبە و پەشیمانی، تەوەککول...تاد.

کاتێک سۆفی لە ڕێگەی هەقیقەتەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، پێی دەگوترێت: سالیک. (٤٨)

## قۆناغەکانی سالیک

### پێویستە سالیک چوار قۆناغ ببڕێت:

**یەکەم: سەفەرکردن لە خەلقەوە بۆ حەق.**

سەفەرێکی عەرووجییە و سەرکەوتنە بۆ سەرەوە، سەفەرێکە لە خەڵکەوە و لەنێو مرۆڤدا و بۆ لای خوا.

**دووەم: سەفەر لە حەققەوە بۆ حەق.**

قۆناغی باڵاترە، سەفەرێکی ئاسۆیییە، چوونە بەناو، ناو و سیفاتە جوانەکانی خوادا. کاتێک ئەو کەسە لەگەڵ

خوادایە، ئەوە زیاتر لە ناو و سیفاتیدا ڕۆدەچێت و قاڵ دەبێتەوە و باشتر دەیناسێت.

**سێیەم: سەفەر لە حەققەوە بۆ خەلق.**

سەفەرێکە بەرەو ماهووت، نوقومبوونە لە ناو حەقدا، داگرتنی ئەم قۆناغەیە لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی، جارێکی تر گەڕانەوەیە بۆ ناو مەخلووق، لە خواوە بۆ بەندەکەی، لە خزمەتکردنی خواوە بۆ مرۆڤ.

**چوارەم: سەفەر لە خەلقەوە بۆ خەلق.**

سەفەرێکی پێغەمبەرانەیە، زیاتر عاریفە مەزنەکان پێی دەگەن، سەفەرێکە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، خزمەتکردنە بە بەندەکانی خوا، ئەویش بە هەشت قۆناغ دەبێت:

**یەک:** ئەحواڵ: ئەویش بە دە قۆناغ دەکرێت:

چاودێری، خۆشەویستی، قورب، خەوف، ڕەجا، شەوق، ئونس، موشاهەدە، دڵنیایی، یاد، یەقین.

**دوو:** پاڵفتەکردنی ئەخلاق، ئەویش هەشت قۆناغی پێویستە:

تەوبە، وەرع، زوهد، هەژاری، سەبر، تەوەککول، ڕەزا، تەسلیم.

**سێ:** عیشق.

**چوار:** تەوحید.

**پێنج:** فەنا و بەقا.

**شەش:** سەکر و حیرەت.

**حەوت:** دڵەڕاوکێ.

**هەشت:** تەڵەب. (٤٩)

## مەرجەکانی سلووکی سۆفییانە

**یەکەم:** عەدالەت. سەنگی مەحەکە بۆ هەموو شتێک.

**دووەم:** ماڵنەویستی و دڵخۆش نەبوون بە ماڵی دنیا، بۆ پێویست نەبێت.

**سێیەم:** نەبوونی شوێن و پابەندنەبوون بە شوێنێکی دیاریکراوەوە.

**چوارەم:** تاکبوونەوە، خەڵوەت و لەناوخۆبووندا باشترین کاتە بۆ سۆفی، قەرەباڵغی ژوانی لێ تێک دەدات.

**پێنجەم:** هاوسەنگیکردن لەنێوان فیقھ و عیرفاندا.

**شەشەم:** ئیجتیاد. خۆنەبەستنەوە بە ڕایەک و سەرسام نەبوون بە ڕایەکی دیاریکراوەوە.

**حەوتەم:** بوونی پیر و کەوتنە شوێن شێخێکی پایەبڵند و مەزن.

**هەشتەم:** کەمخۆری و حەڵاڵخۆری و خۆبەدوورگرتن لە شوبهە و خۆپارێزی و وەرع لە هەموو شتێکدا، حەرام خراپترین بەڵایە بۆ مرۆڤ، چ جای سۆفی.

**نۆیەم:** کەمخەوی و زۆر بێداریی، بۆ پێویست نەبێت نابێت سۆفی زۆر بخەوێت و خەواڵوو بێت و جێگای نەرم و گەرم بێت.

**دەیەم:** کەمدوویی. دەروونناسانیش گوتوویانە: بێدەنگی جادوو دروست دەکات، مرۆڤ فێری تێڕامان و وردبوونەوە دەکات، کەمتر مرۆڤ تێدەکەوێت و هەڵە دەکات و زیاتر بیر دەکاتەوە.

**یازدەم:** ئامادەیی بۆ وەرگرتن و پەسەندکردنی تەریقەت. (٥٠)

## وەلی و ویلایەت

وەلی، دۆست و ویلایەتیش دۆستییە لەگەڵ خوادا، بە واتای سەرپەرشتی و ئیشراف دێت. هەرکەسێک خوای خۆش بوێت، وەلییە. نیشانەکانیشی: جێبەجێکردنی فەرزەکانی خوا و دوورکەوتنەوەیە لە قەدەغەکراوەکانی. وەلی پەیوەست نییە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە.

لە عورفی ئەهلی تەسەووف و لە جیهانبینی عیرفانیدا، وەلی پەیوەستبوونە بە جیهانی ڕوحەوە، وەک: دوورکەوتنەوە لە ماددیات و ناسین و ئاشنابوون و دروستکردنی پێوەندییەکی تۆکمە و بەردەوام لەگەڵ خوادا، تا گەیشتن بە پلەی باڵای ڕوحی. لەم بارەیەوە خوا دەفەرموێت: (واعبد ربک حتی یأتیک الیقین.)(٥١) واتە: خوای خۆت بپەرستە بەو شێوەیەی کە شایانیەتی تا مردن یەخەت پێ دەگرێت.

لە قورئاندا ناوی وەلی هاتووە، خوای گەورە دەربارەی کەسی وەلی دەفەرموێت: (الله ولی الذین امنوا...)(٥٢) واتە: خوای گەورە دۆست و پشتیوان و کارسازی ئەو کەسانەیە کە باوەڕدارن.

ناوی وەلی وەک بەرکار دێت، واتە: ئەو کەسەی کە لە پەنای خوا و لەژێر سۆز و سەرپەرشتی ئەودایە. بە واتای بکەریش دێت، وەلی خۆی شایەنی لوتفی خوایە، خوایش سۆزی بۆ شوێنکەوتووانی هەیە و پشتیوانیانە. پێویستە وەلی خاوەنی سروشتێکی خاوێن و ناخێکی پاک و

زەینێکی ڕۆشن و ئاوەزێکی سەلیم و دڵێکی باش و دەروونێکی ساغڵەم بێت.

عەللامە ناسر سوبحانی هەموو موتتەقییەک بە وەلی خوایی ئەژمار دەکات، ڕای وایە هەموو بڕواداریێک بۆ باقی بڕوادارانی تر وەلییە، لەم سۆنگەیەوە ویلایەت لەنێوان بڕواداراندا پرۆسەیەکی گشتیرە و تێکڕا بەبێ جیاوازی تێیدا بەشدارن، بە مەرجێک تایبەتمەندی وەلیبوونی تێدابێت، ئەمەیش پێچەوانەی ڕای کەسانێک و دژی پاوانکردنی ئەم چەمکەیە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان، چونکە ویلایەتی خوایی گشتگیرە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ و تەقوایان هەبێ، لەخواترسان مەرجی یەکەم و سەرەکییە. وەلیبوون بە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی بەردەوام و دوورودرێژی ئیمانی بەدەست دێت، نەک بە هەڵبژاردن و پسپۆڕییەتی. (٥٣)

## پۆلێنبەندی ویلایەت

**یەکەم: ویلایەتی ڕەسەن.**

وەلی تێیدا بە مەقامی ویلایەت گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا بە مەقامی کەشف گەیشتووە، واتە: تەواوی حاڵیی تەریقەت و بەروبوومەکانی دەبینێت و بە ڕادەی بینینی تەواوی بوون (وجود) گەیشتووە. لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (الم تر کیف ضرب الله مثلا کلمة طیبة کشجرة طیبة اصلها ثابت وفرعها في السماء) (٥٤) واتە: ئایا نەتزانیوە کە خوا چۆن نموونەی هێناوەتەوە بەوەی وتەی چاک و ڕاست واتە: لا اله الا الله، وەک درەختێکی چاک و بەسوود وایە، ڕەگی بەهێزی لە زەویدا داکوتابێ و لقوپۆپەکانیشی بەرزبووبنەوە بۆ ئاسمان.

**دووەم: ویلایەتی پەراوێزی.**

هەرچەندە وەلی بە مەقامی ویلایەت گەیشتووە و دەروونی جێگیر و ئارام بووە و گەیشتووە بە قۆناغی ( نەفسی موتمەئیننە ) ، بەڵام جەستەی بە حاڵی موکاشەفە نەگەیشتووە. ڕوحی هێشتا لە ئەرکدایە و لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا دەدوێت، بەڵام خۆی پەراوێزخستووە، ئەم جۆرە (وەلی)یانە ئەرکی ئیجتیهاد و وانەبێژی و قەزاوەتی موسڵمانان جێبەجێ دەکەن و خزمەت دەکەن.

**سێیەم: ویلایەتی مەیدانی.**

ئەگەر هاتو هەردوو جۆری پێشوو، کار و ڕەوتاریان نەبێتە هۆی پاشەکشەی خەڵکی لێیان، بەڵکو ببێتە هۆی باوەڕهێنان پێیان، واتە: باوەڕهێنانی خەڵکی بە کەرامات و ئاستی بڵندی خواناسییان، ئەوە پێیان دەگوترێت وەلی مەیدانی.

**چوارەم: ویلایەتی شاراوە.**

ئەگەر هاتو پۆلی یەکەم و دووەم خراپ خۆیان نمایش کرد، پێیان دەگوترێت: شاراوە. وەلی لەم کاتەدا بۆ بێ بەسیرەتان موستەتیرە. لەم بارەیەوە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (... ونذرهم فی طغیانهم یعمهون) (٥٥) واتە: لێیان دەگەڕێین تا لە سەرکەشی خۆیاندا هەر سەرگەردان بن. (٥٦)

## شێوازەکانی ویلایەت

**یەکەم: وەهبی.**

خوای گەورە دەیبەخشێت بە هەر کەسێک کە بیەوێت، واتە بەڕێگەی بەهرەوە دەدرێت بە کەسێک و ئازایەتی و هەوڵی کەسەکەی تێدا نییە.

**دووەم: کەسبی.**

ئەم جۆرەیان بە کۆشش بەدەست دێت، دەبێت کەسەکە کۆششی بۆ بکات، ئەویش بە قۆناغەکانی ڕەوتار و سلووکی عاریفانەوە. (٥٧)

## جۆرەکانی ویلایەت

**یەکەم: گشتی.**

هەموو موسڵمانێک دەگرێتەوە، ئەوەی باوەڕی بە خوا هەبێت، ئەوە وەلی خوایە و لەژێر ساباتی ویلایەتدا دەبێت و دەحەسێتەوە.

**دووەم: تایبەت.**

تایبەتە بە پیاوچاکانی خوا، قۆناغێک لە پێش جۆری یەکەمدایە، چونکە ئەوەی یەکەم مەعریفەیەکی قووڵی پێویست نییە و وەلی کۆششێکی ئەوتۆی بۆی نەکردووە. (٥٨)

## جۆرەکانی مورشید

**یەکەم:** مورشیدی هەقیقی.

بە مەقامی ویلایەت گەیشتووە و قۆناغە سەختەکانی بڕیوە.

**دووەم:** مورشیدی گومانهەڵگر و ناتەواو لە سیفاتدا. مەرجەکانی ئیرشادی هەقیقی لەخۆ نەگرتووە و

ناتوانێت ببێتە چاوساغی خەڵکی و ئیرشاد بکات.

**سێیەم:** مورشیدی تەواو لە سیفاتدا، بەڵام گوماناوی. لە هەقیقەتی ئیرشاد تێدەگات، دەزانێت کە توانایی ئیرشادی نییە، بەڵام ڕێنوێنی خەڵکی دەکات.

**چوارەم:** مورشیدی ناتەواو لە سیفات و ناکامیل لە کەسایەتیدا و پووچگەرا.

ئەم جۆرەیان تەنیا خەریکی هەڵخەڵەتاندنی ڕەشەخەڵکە و دنیاویستە و لە خۆشییەکانی دنیا و ڕابواردن ناکەوێت. (٥٩)

## جۆرەکانی مورشیدی حەقیقی

**یەکەم:** گەیشتبێت بە مەقامی ویلایەت.

**دووەم:** ویلایەتەکەی ئەسڵی و ڕەسەن بێت.

**سێیەم:** سالیکی ڕاستەقینە بێت و جەزبەی هەبێت.

**چوارەم:** هەمیشە عیشقی خوایی لە لای ئامادەیی هەبێت.

**پێنجەم:** کەشفییاتی بەهێز و فراوان بێت.

**شەشەم:** تەماعی مەقاماتی هەبێت و بە کەم ڕازی نەبێت.

**حەوتەم:** مۆڵەتی ئیرشادی هەبێت.

**هەشتەم:** بەپێی ڕێنوێنی ئیرشاد بکات. (٦٠)

## نیشانەکانی مورشیدی حەقیقی

مورشیدی هەقیقی ڕێگەی خوا، چەندان نیشانەی هەیە، لەوانە:

**یەکەم:** ڕێنوێنی زانایان بکات.

**دووەم:** سەرمەشقی ڕوحی بێت.

**سێیەم:** زانایانی ئایینی بەبێ جیاوازی خۆش بوێت.

**چوارەم:** بە شەریعەتەوە پابەند بێت.

**پێنجەم:** مووریدی باشی هەبێت و بە چاکی پێی گەیاندبن. (٦١)

## جیاوازی نێوان نەبی و وەلی

هەموو (نەبی)یەک وەلییە، بەڵام هیچ (وەلی)یەک ناگات بە مەقامی نبووەت. نەبی خاوەن پەرجووە، بەڵام وەلی کەراماتی هەیە. نەبی ڕاستەوخۆ لە لایەن خواوە ئاراستە دەکرێت، بەڵام وەلی لە ڕێگەی کەراماتەوە لە فەیزی خوایی بەهرەمەند دەبێت. نەبی مەقامێکی بەرزی مرۆییە، بەڵام وەلی مەقامێکی نوێترە. نەبی پابەندی گەیاندنی نبووەتە، بەڵام وەلی ئەو ئەرکەی نییە. نەبی مەعسوومە، بەڵام وەلی دەبێ خۆپارێزی بکات و لە نێچیری شەیتان خۆی بەدوور بگرێ. نەبی لەکاتێکی دیاریکراودا هاتووە، بەڵام وەلی لە کاتێکی دیاریکراودا سەرهەڵ نادات. ژمارەی نەبی کەمە، وەک: عوزێری نەبی، بەڵام ئەولیا زۆرن و بە درێژایی مێژوو دەبن و هەن. نەبی لە ڕێگەی فریشتەی نیگاوە ئیلهامی بۆ دێت، بەڵام وەلی ڕاستەوخۆ بە نووری هەقیقەت ئاشنا دەبێت و ئیلهامی خوایی بۆ دێت. ناوی وەلی یەکێکە لە سیفاتەکانی خوا، بەڵام نەبی واتە: هەواڵدەر و گەیەنەر. (٦٢)

## شەریعەت، تەریقەت، هەقیقەت

لە ڕێگەی ئەم سێ چەمکەوە مرۆڤ لە نەزانینییەوە پەی بە زانست و لە زانستیشەوە پەی بە مەعریفە دەبات و کامیل دەبێت. بەهۆی ئەم سێ چەمکەوەیە مرۆڤ دەگات بە هەر سێ قۆناغی: (علم الیقین، عین الیقین، حق الیقین). یەکەمیان (زانستی یەقین) گەیشتنە بە بەهێزترین باوەڕ و یەکلابوونەوە و ملکەچیکردن بۆ چەندان کاری جێ ئامانج. هەرچی ئەوەی دووەمە (خودی یەقین) گەیشتنە بە ئاستێک کە لەسەرووی پێناسەوەیە. ڕوح ئەم یەقینە بەهۆی کەشف و بینین و پەیبردن و هەستکردنەوە بەدەست دەهێنێت. سەبارەت بە سێیەمیان (تەواوی یەقین) بەهرەمەندبوونە بە لەگەڵبوونێکی پڕ نهێنیدار و بێ پەردە و بێ بەربەست. شەریعەت بۆ چاکسازی ڕواڵەت و تەریقەت بۆ چاکسازی دەروون و هەقیقەتیش بۆ چاکسازی نهێنییەکانە. (٦٣)

هەندێک لە سۆفییەکان پێیان وایە بۆ گەیشتن بە تەریقەت سالیک لە شەریعەت بێ نیاز دەبێ، بۆ گەیشتن بە هەقیقەتیش لە تەریقەت بێ نیاز دەبێ. شەریعەت زانست و تەریقەت کار و هەقیقەتیش گەیشتنە بە خوا. مەولانای ڕۆمی گوتوویەتی: شەریعەت وەک مۆم وایە، ڕێگە ڕۆشن دەکاتەوە، تەریقەتیش گەیشتنە بە مەبەستی هەقیقەت. (٦٤) ڕێگەی گەیشتن بە هەقیقەت بە چوار جۆر دەبێت:

**یەکەم: فەلسەفەی مەشایی**

فەلسەفەی مەشائی، یان فەلسەفەی پیادەڕەوی بە

هۆگــر و شــوێنکەوتووانی ڕێوشــوێنی فــەلســەفــەی فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆ دەگوترێت، هاوکات ئەرستۆ سەرقافڵەیانە.

**دووەم: گفتوگۆی کەلامی**

لە مێژووی ئیسلامدا حیکایەتێکی هەیە، بەدرێژایی مێژوو چەندان زانای کەلامی هەڵکەوتوون، وەک: ئەبوو حەسەنی ئەشعەری (٨٧٤-٩٣٦ز) و ئەبوو حامید محەممەد غەزالی.

**سێیەم: فەلسەفەی ئیشراق**

واتە: هەڵهاتنی ڕووناکی. مەبەست لێی دەرکەوتنی زانستە ئەقڵییەکان و درەوشانەوە و سەرکەوتنیەتی بەسەر دەروونە کامیلەکاندا، ئەویش لەکاتی خۆدامالێن لە کەرەستە جەستەییەکان. فەلسەفەی ئیشراق، عیرفان و فەلسەفەی لەخۆ گرتووە. یەحیای کوڕی حەبەشی شەهابەددین سوهرەوەردی خاوەن ڕێبازەکەیە. بەلای سوهرەوەردییەوە ڕووناکی سەرچاوەی هەموو بوون و ژیانە، خوا ڕووناکی ڕووناکییەکانە. (٦٥)

**چوارەم: عیرفان**

ڕێبازێکی تایبەت بە چینێکی دیاریکراوی تا ڕادەیەک نەناسراوە، وەک: مەولانای ڕۆمی و جونەیدی بەغدادی.

**شەتەحات چییە؟**

شەتح، وشەیەکی عەرەبییە و دەربڕینێکی نەشیاوە. لە ڕووی زمانەوانییەوە قسەیەکی زبرە، ئەو دەربڕینەیە کە بزنێکی یەک ساڵەی پێ دەخورێ و ئازار دەدرێ. (٦٦) لە ڕووی زاراوەیشەوە، واتە: بێشەرم، ڕووداماڵیاگ، هەڵیتوپەڵیتگوتن. جۆرە قسەیەکی شاز و ناباوە. (٦٧) لە ڕواڵەتدا پێچەوانەی شەرع و بانگەشەی خوایەتیکردنی لێوە دێت، ڕاستییەکەی عاریف مەبەستی نییە بانگەشەی خوایەتیکردن بکات، یان خۆی بە خوا بزانێت. شەتەحات ونکردنی خودە لە ناو و سیفاتی خوایی و توانەوە لە زەریای عیشقی خواییدا. عاریفی کامیل (کامڵ) لە دوا قۆناغی مەقامی عیرفانیدا پێی دەگات، لە ناخیدا مەبەستی شتێکە و لە ڕواڵەتیشدا بە پێچەوانەوە دەریدەبڕێت و لە زاری دەردەچێت. بە دەربڕینێکی تر دەرخستنی کار و ڕەمز و دەستەواژەیەکە کە وەسفی حاڵ و دۆخ و حەشمەتی وەجدی پێدەکرێت، لە ڕواڵەتدا بۆنی خۆپەسەندی و بانگەشە بۆ خود و لەخۆڕازیبوون و بۆنی ناشەرعی لێ دێت. بایەزیدی بەستامی (٨٠٤-٨٧٤ز) گوتوویەتی: (سبحاني، ما اعظم شأني!) واتە: پاک و بێگەردی بۆ خۆم، چ پلەیەکی مەزنم هەیە! (٦٨) دەربڕینی ئەم قسە شاز و دژەباوە، بەهۆی وەجد و حاڵ و ڕۆچوون لە خوا و ئاوێتەبوون لە ناو و سیفاتی یەزدانەوە سەرهەڵدەدات، ئەوەیش مەقامێکی باڵای ئەو کەسەیە بەرانبەر بە خوا، چونکە لە حیشمەتی زاتی خوادا و ڕامان لە مەزنی خوا، شەتەحات لە زاری عاریفانەوە دێتە دەرەوە. شەتح دەرئەنجامی حاڵەتێکی نائارامی دەروونی و بێ ئۆقرەییە، لە حەشمەتی ئاگری مەعشووق و لە لووتکەی وەجد و ڕاچڵەکین و جەزبە و مەستی و مەدهۆشییەوە دەردەبڕێت. جووڵەیەکی ناو دڵ و دەربڕینی هەستێکی پەنگخواردووی ناخە و خۆنەویستانە لە زاری عاریفەوە دێتەدەر. (٦٩)

زۆربەی عاریفان تووشی ئەم حاڵەتە دەبنەوە و ئەم جۆرە قسە و دەربڕینانە لە زاریان دێتە دەرەوە و بەکاری دەهێنن، بۆ ئەو مەبەستە ڕووبەڕووی مەترسی و سزا و ئەشکەنجە بوونەتەوە. زاراوەی (انا الحق) من هەقم، واتە: خوا بووم کە حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاجی ڕووبەڕووی مەرگ کردەوە، چونکە لە دوا قۆناغی تەمەنیدا ئەو زاراوەیە بە زاریدا هات و لەسەری کوژرا. مەولانای ڕۆمی گوتوویەتی: حەللاج ڕازەکەی درکاند، نەدەبوو بیدرکێنێ. دەشێ زۆر لە عاریف و سۆفییە بەناوبانگەکانی مێژوو وەها چەمک و دەستەواژەیەکیان دەربڕیبێ، بەڵام نەیانوێرابێ بۆ ڕەشەخەڵکی بدرکێنن، ئیتر بەهۆی سزا و ئەشکەنجەوە بووبێت، یان لە ترسی ئەوەی نەبادا بەرانبەر بە خۆیان و ئایینەکەیان بکەونە گومان و زیان بە شێوازی دینداریبیان بگات و لە ئایین ڕوو وەرچەرخێنن. دەشێ وتەی سەیرتر لە بایەزید و حەللاج لای مەزنە عاریف و سۆفی ناوداری تر هەبووبێت، بەڵام بە باشیان نەزانیبێ بیدرکێنن، چونکە بە حاڵەتێکی تایبەت بە خۆیان زانیوە. باشتر وایە عاریف خۆی لە زاراوەی شەتەحات بەدوور بگرێ، تا تووشی سەرئەنجامێکی خراپ نەبێتەوە.

**عیشق چییە؟**

وشەی عیشق لە ڕووی زمانەوانییەوە لە (عەشەقە)وە

وەرگیراوە. ناوی گیایەکی شێوە لاولاوییە و تەمەنێکی کورتی هەیە و لەبنی درەختەوە سەر دەردەهێنێ و بەرز دەبێتەوە و خۆی لە دار و درەخت دەئاڵێنێ و توند درەختەکە ئازار دەدات، هەرچی ئاوی ڕەگەکانیشی هەیە هەڵیدەمژێت، تا بەتەواوی درەختەکە وشک دەکات. درەختی بوونی مرۆڤیش هەر کە گەشە دەکات و خەریکە بەرکەماڵ دەبێت، عیشق لە کونجێکەوە سەرهەڵدەدات و لێی دەئاڵێ، تا ئەوەی تەڕایی تێدا ناهێڵێ، ئەگەرچی عیشق ڕوح بە دنیای بەقا دەگەیەنێت، بەڵام جەستەیش بەرەو فەنا پەلکێش دەکات. لەبەرئەوە لەم دنیایەدا هیچ شتێک نییە بتوانێت بەرگری لە عیشق بکات. (٧٠)

لە ڕووی زاراوەییەوە واتە: زۆر هۆگربوون و لە ڕادەبەدەر سەرقاڵبوون بە مەعشووقەوە و زیادە خۆشویستن و زیادەڕەوی لە خۆشەویستیدا. عیشق ڕۆچوون و قاڵبوونەوەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (یا ایها الذین امنوا من یرتد منکم عن دینه فسوف یأتي الله بقوم یحبهم ویحبونه...) (٧١) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوا هێناوە، هەر کەسێک لە ئێوە ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز ببێتەوە، ئەوە خوا بە زوویی لە جیاتی ئەوان، گەل و کۆمەڵەیەکی دیکە دەهێنێت، خوا ئەوانی خۆش دەوێت، ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت

بایەزیدی بەستامی گوتوویەتی: عیشق کەم بەزۆر زانینە بۆ خود، زۆر بەکەم زانینە بۆ یار.

شیبلی دەڵێت: عیشق تێکەڵبوونی عاشقە لەگەڵ مەعشووقدا، بە جۆرێک هەرچی لە دڵدایە بیشواتەوە.

مەولانای ڕۆمی گوتوویەتی: عیشق ئەو شووڵە ئاگرەیە ئەگەر داگیرسێت بێجگە لە مەعشووق هەرچی هەیە دەیسووتێنێت.

ئیبن عەرەبییش گوتوویەتی: هەر کەس پێناسەی عیشق بکات، ئەوە نەیناسیوە.

ڕووزبەهای شیرازیش عیشقی کردووە بە پێنج بەشەوە:

**یەکەم/** عیشقی ئیلاهی: تایبەتە بە ئەهلی موشاهەدە.

**دووەم/** عیشقی عەقڵی: تایبەتە بە ئەهلی مەعریفە.

**سێیەم/** عیشقی ڕوحانی: تایبەتە بە خاسانی خوا. (٧٢)

**چوارەم/** عیشقی ئاژەڵی: تایبەتە بە مرۆڤە پەست و خوارەکان.

**پێنجەم/** عیشقی سروشتی: موڵکی دروستکراوەکان و خەڵکییە.

عیشق ئەوی دی سەنتەربوونە، خۆویستانە نییە، بەڵکو خوا دەیبەخشێت، حاڵەتێکی کتوپڕ نییە بەسەر ڕوحدا بێت، بەڵکو خودی ڕوحە. ڕێکردنە بەرەو کەماڵ. عیشق مرۆڤ گەرموگوڕ دەکات، مرۆڤی عاشق چالاک و هۆشیارە. بە ئاوەز هەستی پێناکرێت، بە چێژ هەستی دەچێژرێت. بیری لێ ناکرێتەوە، بەڵکو ئەزموون دەکرێت. هەوراز و نشێوی زۆرە، مرۆڤی عاشق لە پێناویدا ناڕەحەتی زۆر دەبینێ، ئاخر مەبەستیەتی بە یار و مەعشووقەکەی بگات. (٧٣)

حەز، چێژێکی کورتخایەن و ڕێژەییە، کەسێک حەزی لە شتێکە و یەکێکی تر بە پێچەوانەوە. خۆشەویستی لە حەز باڵاترە، بە پلەبەندی دەکرێت، زۆر حەزکردن لە کەسێک، یان شتێک مامەڵەکە دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی. عیشق لە هەدووکیان باڵاترە، خۆشەویستی زۆرنواندن و بەردەوام هۆیەکە بۆ عاشقبوون، هۆکارێکی تری عاشقی، مرۆڤ دەسەڵات و ویستی خۆی تێدا نییە.

دوو جۆر عیشق هەیە: عیشقی حەقیقی، یان ئاسمانی تایبەت بە خوا، ئەم جۆرەیان عاریف و خواناسە ڕاستەقینەکان دەگرێتەوە. عیشقی زەمینی، یان مەجازی، عیشی دڵدار بۆ دڵبەر و کەسێک بۆ نیشتمان و یەکێکی تر بۆ دایکی، لەم چوارچێوەیەدایە. ڕایەکیش پێی وایە تەنیا یەک عیشق هەیە، شتێک نییە بەناوی عیشقی زەمینی و ئاسمانی ئەم پۆلێنبەندییە دروست نییە.

عیشق ئەکسیری پێوەندی نێوان عاریف و خوایە، مرۆڤ تا عیشقی بۆ خوا نەبێت، ناگاتە پلەی عیرفان. هەمیشە عاریفەکان عاشقن، بەڵام مەرج نییە هەموو عاشقێک عاریف بێت.

بەڕای ئەفلاتوون دوو جۆر ئەڤین هەیە: ئەڤینێکی ئاسمانی، ئەڤینێکی زەمینی. ئەڤینی سروشتی خاوێنە، مرۆڤ بەهۆی هەڵە و خراپە و مامەڵە لەگەڵکردنیدا پیسی دەکات. ئەڤینی باش جێکەوت و کاردانەوەی باشی دەبێت. ئەڤینی خراپیش بە پێچەوانەی ئەڤینی باشەوەیە. عاشق لەبەردەم مەعشووقدا وەک فێرخواز وایە لەبەردەم مامۆستاکەیدا، ئەگەر لەپێناوی زانستدا

خزمەتی بکات نەنگی تێدا نییە و کەس لۆمەی ناکات، دەکرێ ڕووبەڕووی تانە و تەشەر ببێتەوە، گرنگ ئەوەیە مەبەستێکی هەیە. دڵبەری ڕاستەقینە بۆ سەروەت و سامان و ناو و ناوبانگ و هەوا و ئارەزوو، دولبەرەکەی ناوێت، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەڤینەکەیەتی، کە دەیەوێت. (٧٤)

حەز مەیلێکی تاکلایەنە و ڕێژەیی و سنووردارە، بەڵام خۆشەویستی دەشێ دوو لایەنەیش بێت. خۆشەویستی لە حەز قووڵترە و پلەی باڵاترە. خۆشەویستی لەسەر بنەمای بەهرەمەندبوون دروست دەبێت، لەوێشەوە بۆ پلەی باڵابوون تا گەیشتن بە عیشقی هەقیقی. واتە: دەشێت خۆشەویستی لە ناخی مرۆڤدا گەشە بکات، بەجۆرێک جێکەوتی نەمێنێت و ببێت بە عیشق بۆ بەرانبەر.

حەز و خۆشەویستی کۆمەڵێک پێوەریان هەیە، لەوانە: ڕێژەیی، سنوورداری، دادپەروەری، یەکسانی، بەخشندەیی، زمان، ئاوەز، کات، بەرژەوەندی، تەنازول.

عیشق هەمیشە دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت. عیشق بارانێکە یەک جار بەسەر مرۆڤدا دەبارێت، هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

لە ئایینناسیدا سێ قۆناغ هەیە بۆ عاشقبوون: هەڵگەرا، مەعریفەتگەرا، ئەزموونگەرا. (٧٥)

**فەرهەنگۆکی زاراوەکان:**

– **حاڵ:** کاتێکی دیاریکراوە و دڵ پەیوەستی خوا دەبێت. سۆفی لە کاتی حولوول و لەناو خۆیدا بۆ خوا ڕۆدەچێت. ویستێکی بەرزە و سۆفی بەبێ دەستخستن و زۆر لەخۆکردن تووشی دەبێت.

– **وەجد:** خۆشییەکی زۆرە، کاتێک سۆفی بەو مەقامە دەگات، ڕووی تێ دەکات. زەوقە بۆ قۆناغێکی تر.

– **حولوول:** زۆر ڕۆچوون. بوونی بەشێکی خوایی لە مرۆڤی باڵادا.

– **ئیرادە:** زیادە هۆگربوونی دەروون، بە مەرجی خستنەگەڕی کارێک.

– **جەزبە:** نزیکبوونەوەی بەندە، بە ئومێدی گەیشتن بە خوا، هەڵەکە سەمای دەروێشانەیە. لەهۆشکەوتنی دەروێشە بەهۆی زیکرەوە.

– **موجاهەدە:** بەمەبەستی ڕازیکردنی خوا، سۆفی دژایەتی دەروونی خۆی دەکات.

– **فەنا:** نەمانی کردەوەی خراپە لەناو کەسییەتی سۆفیدا.

– **بەقا:** مانەوەی کردەوەی چاکە لەناو کەسییەتی سۆفیدا.

– **سەکر:** شاردنەوەیەکی بەهێزی کاتییە.

– **حیرەت:** سەرسام مانەوە.

– **وەرع:** خۆپارێزی لە شوبهە.

– **مەحوو:** ونکردنی حاڵەتی ئاساییە.

– **شەریعەت:** فەرمانە بە پابەندبوون بە پەرستنەوە.

– **تەوەکول:** پشتبەستن و باوەڕ بەخۆبوون و تەسلیمبوون بە خوا.

– **سەبر:** وازهێنانە لە گومان و بوونی ئەگەری باش بە شتێک.

– **موراقەبە:** نزیکییە لە خوا، بەهۆی پەرستنی زۆرەوە سۆفی موراقیبە.

– **لاهووت:** هەرچی پێوەندی بەخواوە هەبێت. دنیای بانتر.

– **ماهووت:** هەرچی پێوەندی بە بەندەوە هەبێت. دنیای نوێ.

– **یەقین:** ئاکامی گەیشتنە بە قۆناغی گومان نەکردن.

– **موشاهەدە:** ئامادەیی خوا لە کن سۆفی، بە بەبێ مانەوەی ئەو کاتە، بۆ ماوەیەکی درێژ.

– **شەوق:** بڵێسەی ئاگری ناخە کە خوا لە دڵی پیاوچاکانی خۆی دەیکاتەوە.

– **ئونس:** خووپێوەگرتن و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی ئەو خووەیە لە دڵی بەندە بۆ مەعبوودەکەی.

– **ڕەجا:** ئومێدەواربوون بە سۆزی خوایی.

– **خەوف:** لەرزینی دڵی سۆفییە بەهۆی ئەو تاوانانەی هەڵیگرتوون.

– **قورب:** مەقامێکی بەرزە سۆفی پێی دەگات. چێژە لە پەرستن.

– **زوهد:** پشتکردنە لە شتێک و وازهێنان لێی.

– **ڕەزا:** تەسلیمبوونی سالیک بە خوا، مەقامی پاش مەقامی تەوەکولە.

– **زوڵف:** ڕەمزە بۆ فرەیی، بنەمایەکی تەسەووفی ئیسلامییە. لە فرەییەوە بەرەو یەکتایی.

– **خاڵ:** ڕەمزە بۆ یەکتایی خوا.

– **تەجرید:** ڕەمزە بۆ وازهێنان لەو شتانەی کە مرۆڤ

بەم دنیایەوە دەیبەستێتەوە.
– **ئەزەل و ئەبەد:** زەمەنی بێ پایان و بێ کۆتا.
– **ئەبرۆ:** بریتییە لەو خاڵەی کە تێیدا واجب (خوا) دەگات بە مومکین وەک: میعراجی پەیامهێن محەممەد (د.خ).
– **ئیشارەت:** ئاگادارکردنەوەی سالیک، یان عاشق لە مەعشووقەکەی.
**بتخانە:** جیهانی جەبەرووت.
– **پیری موغان و پیری مەیخانە:** مرۆڤی کامیل. ئەو کەسەی سالیک بخاتە سەرپێی خۆی.
– **جام:** دڵی ساف.
– **سینە:** سیفەتی زانستی ئیلاهی.
– **روو:** وەجهی هەقیقی.
– **رەمز:** دەرکەوتنی نهێنی خوایی.
– **چاو:** بینایی ئەزەلی.
– **دڵ:** گەنجینەی ئەسراری ئیلاهی.
– **زەننار:** رەمزە بۆ خۆبەستنەوە بە پەتی یەکتاییەوە.
– **رەند:** وازهێنانە لە ملکەچبوونی فەرمانەکانی جەستە و دەروون.
– **دەم:** نهێنی شاراوە.
– **خەرابات:** شەرابخانە.
– **مەحوو:** لابردنی عادەت.
– **فیراق:** وازهێنانی سالیکە لە سلووکی رێگەی وەحدەت.
– **قەللاش:** ئەو کەسەی زۆر تینوو بێت بە عیشق.
– **مەقام:** بەندە بە نزیکبوونەوەی لە خوا پلەیەک دەبڕێت. ئامادەیی مرۆڤە لەبەردەم خوادا، لە میانەی شێوە جیاوازەکانی پەرستندا. (٧٦)

**سەرچاوەکان:**

**٣٨/ علم التصوف واثره في العبادات، منى ياسين طه الرفاعي، بحث اكاديمي، الطبعة١، السنة ٢٠٠٩، ص٥٤، من منشورات ديوان الوقف السني العراقي.**
**٣٩/ نفس المصدر، ص٧٨.**
**٤٠/ سەرچاوەی ژمارە٢٩.**
**٤١/ هەمان سەرچاوە.**
**٤٢/ سەرچاوەی ژمارە ٣٦.**
**٤٣/ سەرچاوەی ژمارە١.**
**٤٤/ موحەممەد فەتحوڵڵا گولەن، بەرەوە ژیانی دڵ و گیان، و: حەسەن حەمەکەریم، چاپی١، ساڵی ٢٠١٣ز، ل٤١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.**
**٤٥/ سەرچاوەی ژمارە٢٩.**
**٤٦/ سەرچاوەی ژمارە٦.**
**٤٧/ هەمان سەرچاوە.**
**٤٨/ هەمان سەرچاوە.**
**٤٩/ سەرچاوەی ژمارە٦.**
**٥٠/ سەرچاوەی ژمارە٣.**
**٥١/ سوورەتی حیجر، ئایەتی٩٩.**
**٥٢/ سوورەتی بەقەرە، ئایەتی ٢٥٧.**
**٥٣/ ناصر سبحانی، الولاية والامامة، الطبعة ١، ٢٠٠٧م، مؤسسة برهم، السليمانية.**
**٥٤/ سوورەتی ئیبراهیم، ئایەتی، ٢٤.**
**٥٥/ سوورەتی ئەنعام، ئایەتی ١١٠.**
**٥٦/ سەرچاوەی ژمارە٦.**
**٥٧/ هەمان سەرچاوە.**
**٥٨/ هەمان سەرچاوە.**
**٥٩/ هەمان سەرچاوە.**
**٦٠/ هەمان سەرچاوە.**
**٦١/ هەمان سەرچاوە.**
**٦٢/ هەمان سەرچاوە.**
**٦٣/ هەمان سەرچاوە.**
**٦٤/ سەرچاوەی ژمارە٢٩.**
**٦٥/ د. سەییید یەحیا یەسربی، رۆمانی قەڵەندەر و قەڵا، و: ئازاد بەرزنجی، چاپ١، ٢٠١٥، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.**
**٦٦/ د. محمد معين، فرهنگ فارسی معين، ١ جلدی، چاپ١، سال ١٣٨٥ه.ش، انتشارات زرين، تهران.**
**٦٧/ ماجد مردوخی، فرهنگ فارسی- کردی، دانشگاه کردستان، ١ جلدی، چاپ١، سال ١٣٨٨ه.ش. سنندج.**
**٦٨/ سەرچاوەی ژمارە٩.**
**٦٩/ سەرچاوەی ژمارە١٧.**
**/٧٠ سەرچاوەی ژمارە٦٥، ل١٥٢٧.**
**٧١/ سوورەتی مائیدە، ئایەتی ٥٤.**
**٧٢/ سەرچاوەی ژمارە٢.**
**٧٣/ تەحسین حەمەغەریب، دڵ و چاو، چاپی ١، ٢٠٠٧ز، چاپخانەی یاد، سلێمانی.**
**٧٤- خۆشەویستی لە زمانی ئەفلاتوونەوە، و. مەریوان غەریب، چاپی١، ٢٠٠٧، ل٥٠ بەداوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.**
**٧٥- رۆژنامەی رۆژنامە، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندازیار فوریبوورز مووسا زادە، دەربارەی ئەڤین، ساڵی ٢٠١٠.**
**/٧٦ بروانه: رسالة القشيرية، للامام ابي القاسم عبد الكريم بن هوازن القشيري، طبع لبنان ٢٠٠١م.**
**– سەرچاوەی ژمارە٣.**
**– سەرچاوەی ژمارە٣٦.**